


# ڕەنگی لێوەکان بۆ وەرزی هاوین


لەگەڵ هاتنەوەی وەرزی گەرما، دەکرێت گۆڕانکاری بەسەر مۆدەکاندا بهێنین، چونکە پێویستیان بەتازەگەری دەبێ لە لایەنی جوانییەوە، ئەمە وادەکات کە خانمان زیاتر گرنگی بەتازەگەری لەسەر ئاستی جلوبەرگ و مۆدە و ئێکسسوار و ماکیاژ و ڕەنگی قژ و لێو و تەسریحەی قژیش هەمان لایەن دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنجە ڕەنگی لێو لەهاویندا کاریگەریەکی ئەوتۆی هەیە لەسەر جوانی ڕووخسار، چونکە لەو وەرزە ڕەنگەکان بەجوانی و زەقی دیار دەبن، بۆیە هەر ڕەنگێك شێوازێك بۆ خۆی دەنوێنێ.

چەند لایەنێکی هەڵە هەیە بۆ ئەنجامدانی ڕەنگی لێو لەوەرزی گەرما، ئەمەش وەك هۆکارێك دەبێتە هۆی شێواندنی جوانی لێو و تەنانەت زیان پێگەیاندنی پێستی لێویش، بۆ نموونە ئەگەر لەوەرزی هاوین ڕەنگی سیلڤەر یان قاوەییەکی تۆخ بەکاربهێنین، دەبێتە دیمەنێکی ناشیاو بۆ جوانی لێو، لەگەڵ ئەوانەدا ئەو ڕەنگانە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی گەرما و بەمەش بۆ پێستی لێو خراپە، چونکە پێستی لێو زۆر ناسکە، بۆیە ئەو ڕەنگانەی دەبنە مۆدەی لەوەرزی بەهار بریتییە لە(پەمەیی و سوور)، بەڵام زیاتر پەمەیی دەبێتە ڕەنگی لێو، ئەویش دەکرێ سوود لەجۆرەکانی ڕەنگی پەمەیی وەربگرین لەلایەنی تۆخی و ئاچووغ و یان پەمەیی سادە.



## ستایلی جلی ک

هەر کاتێك بەرەو ئامادەکردنی مۆدەیەك لەجلوبەرگ بچین، دەبێ سەرەتا بیر لەزۆر لایەن بکەینەوە، چونکە چەند لایەن هەن کاریگەری خۆیان دەبێ لەسەر هەڵبژاردن یان ئامادەکردنی ئەو جلەی کە ئامادە دەکرێ، هەروەها دەبێ لەگەڵ ئەو کاتەی کە جلەکەی لێ دەپۆشرێ، گونجاو و شایستە بێ. وەرزی هاوین یەکێکە لەو وەرزانەی کە تیشکی خۆر بەهێز دەبێ و ئیتر کاریگەری ڕەنگەکان کەمتر دەبنەوە. بۆیە دەبێ لەو وەرزەدا سوود لەڕەنگە تۆخ و ڕەنگاوڕەنگەکان وەربگرین، کە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و سیمایەکی جوانی هەیە لەدوور و نزیك.




## شایستەترین ماکی

لەبواری پەرەپێدان بەجۆر و لایەنەکانی ماکیاژ، سەدەها مۆدە و شێوەی تازە هەن کە هەر یەکێك شێوازێکی خۆی هەیە و دەکرێ سوود لەهەر یەك لەم شێوازانە وەربگیرێ، چونکە ماکیاژ ڕۆژانە لەمۆدەی تازەوە دەگەڕێ و تەنانەت لەگەڵ هەر بیرکردنەوەیەك دەتوانین مۆدەیەك بەدەست بهێنین. بەڵام گرنگ ئەوەیە، تا چەند ئەو مۆدەیە لەگەڵ نەشونما و شێوازی ڕووخساری خانمان دەگونجێ، یان بتوانین مۆدەیەك دابین بکەین، کە بۆ گشت توێژێك لەخانمان سوودمەند بێ و بتوانن سوود لەو جۆرە ماکیاژە وەربگرن، کە مۆدەیەکی گشتی بێ بەمەستی ئەوەی گشت خانمێك بتوانێ ئەنجامی بدات بۆ ڕووخساری. یەکێك لەو کێشانەی کە خانمان تووشی دەبن ئەویش هەڵبژاردنی چ جۆرە ماکیاژێکە لەڕۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیری، یان ئەو ڕۆژەی تارای سپی لەسەر دەکەن. دەتوانین مۆدەیەکی شایستە هەڵبژێرین کە جێگەی جوانی و ڕازاوەیی بێ، کە مۆدەیەك بێ بۆ گشت خانمان جێگەی جوانی بێ، ئەمەش بەکەڵك وەرگرتن لەپێکهاتەی ماکیاژەکە، کە دیمەنێکی سەرنجڕاکیش و جوانی هەبێ و ڕەنگەکان لەگەڵ یەکتر بگونجێن، ئەویش ئە ماکیاژەیە کە پێهاتووە لە: دانانی ڕەنگێکی نێوان قاوەیی و سپی بۆ ڕەنگی ئەساسی دەم و چاو، دواتر تێکەڵی ڕەنگی ڕەش و وەنەوشەیی بۆ ژێر چاو

# چۆنییەتی دروستکردنی گوڵ لەپارچە قوماش








کاری دەستی یەکێکە لەو بەهرەیەی کە خانمان پێ بەناوبانگن و دەتوانن لەکەرەستەی بچووك و جوان کاری شایستە و ڕازاوە ئەنجام بدەن، کە ئەمەش وادەکات هەر خانمێك بیر لەشتێکی جوان بکاتەوە، بوونی ئێکسسواری گوڵ چ سروشتی بێ یان دەستکرد، لەدیمەنی ماڵدا سیمایەکی جوان دەبەخشێ، کە دەبێتە یەکێك لەو کەرەستانەی جێگەی دیار و بەرچاوی دەبێ. خانمان دەتوانن سوود لەکاری دەستی وەربگرن بۆ دروست کردنی دەستکەگوڵ و تۆپی گوڵ، کە ئەمەش یەکێکە لەو ئێکسسوارانەی کە بەجوانی و ڕازاوەیی لەماڵدا دادەنرێ و دەبێتە یەکێك لەمۆدە جوانەکان، دروستکردنی گوڵ لەقوماش، یەکێکە لەکاری دەستی و خانمان دەتوانن بەئاسانی ئەنجامی بدەن، کە لەکۆتاییدا دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەیە. ئەمەش دەتوانین لەڕێگەی پارچە قوماشێکی بازنەیی و دواتر لەگەڵ دەرزی وداوەوە بەم چەند هەنگاوەدا بیدروویێنین و بیکەن بەگوڵێکی جوان و ڕازاوە، کە لەهەنگاوەکاندا بەجوانی و بەسانایی ڕوون کراوەتەوە و دەکرێ گشت خانمێك سوود لەو بەهرەیە وەربگرێ و چەندین گوڵی جوان بەم ڕێگە ئاسانە دروست بکات و لەماڵیشدا دابنرێ.

# ــــوردی ڕەنگاوڕەنگ

کراسی کوردی زیاتر لەڕەنگێك ئامادە دەکرێ، بەڵام زۆربەی جاریش لەدوو ڕەنگ تێناپەڕێ، بۆ نموونە ئەگەر جلێکی کوردی لەڕەنگی تەنیا ڕەش لەبەر بکرێ لەم وەرزەی گەرما، لێرەدا کراسەکە جوانییەکی ئەوتۆی نابێ، بۆیە ئاماژە دەکرێ کە لەو وەرزە ئەو کراسە کوردیانە بپۆشرێن کە زیاتر ڕەنگاوڕەنگن و لەکۆمەڵە ڕەنگێك نەخشێنراون، یان ئەو قوماشەی هەڵیدەبژێرێن بۆ جلی ئەو وەرزە، دەبێ لە(٣) ڕەنگ زیاتر بێ، ئەمەش وادەکات کە ببێتە جلێکی کوردی شایستە و جوان تا لەوەرزی هاوین بپۆشرێ.



# گەشانەوەو جوانی ئێکسسواری کریستاڵیی

جوانی و ڕازاوەیی لەگەڵ ئێکسسواردا جێگەیەکی تایبەتی هەیە لەمۆدەی جوانی و گونجاندنی ئێکسسوارەکان لەگەڵ جلوبەرگ و هەر دیمەنێکی شایستە بەجوانی خانمانەوە، بەمەش دەکرێ جوانی ئێکسسوار ئەگەرچی لەهەر ڕەنگ و شێوەیەك بێ، بەڵام دەبێتە ڕێگەیەك بۆ چەسپاندنی جوانی خۆی، ڕەنگ و شێوەی ئێکسسوار گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە، چونکە ئەو ڕەنگ و شێوازە وادەکات کە ئێکسسوارەکە تا چەند تایبەتمەندی یان جوانی خۆی دەسەلمێنێ، جۆرەکانی ئێکسسوار لەچەندین بەشە، لەوانە: کریستال – زیوو –زێڕ- ماددەی سادە، کە ئەوانیش هەر یەکە بەپێ پێویستی و جوانی خۆی دەتوانین سوودیان لێوە وەربگرین، ئەگەرچی جوانی ئێکسسواری زیوو و کریستاڵ لەیەکتر نزیکە، بەڵام هەر یەکە ڕوویێکی تایبەت بەخۆی هەیە، چونکە زیوو جوانییەکەی نەرم و هێمنە، بەڵام کریستاڵ زیاتر بەبریقە و زەقە، بۆیە مۆدەی تازە لەئێکسسوار گرنگی دەدەن بەکریستاڵ، چونکە جوانی کریستاڵ جوانییەکی پایە بەرزە و لەو کاتەی دەپۆشرێ دەبێتە شێوازێك بۆ ڕازاندنەوە و جوانی خۆی دەنوێنێ و بەگەشی دەردەکەوێ. زیاتر ئێکسسوارەکانی کریستاڵ لەملوانکە و گوارە دەوەشێتەوە، کە ئەوانەش تەواوکەری یەکترن تا دیمەنێکی شایستە بەجەستەی خانمان ببەخشن.




# ــــاژ بۆ خانمانی بووک

کە دەبێتە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش، هەروەها پشت چاوەکانیش یان سەرەوەی چاو لەڕەنگی پەمەیی بێ، بەمەرجێك بڕێك لەڕەنگی قاوەیی یان وەنەوشەیی لەگەڵ تێکەڵ بکرێ، لەژێر برۆکانیشەوە، دەتوانین ڕەنگێکی بەبریقەی سپی بەکاربهێنین بۆ زیاتر دەرخستنی ڕەنگەکانی ژێر و پشت چاو، هەروەها دەستنیشانکردنی ڕەنگی پەمەیی کاڵ و بەبریقە بۆ لێو، دەبێتە یەکێك لەشایستەترین ڕەنگی ماکیاژ بۆ خانمانی بووک.



# فیستیڤاڵی هەورامان.. لێوان لێوە لەفۆلكلۆر و سیمای كوردان

ساڵانە لەدوای نەورۆزەوە فیستیڤاڵ و چالاكیەكان بەشێوەیەكی بەرچاو زیاد دەكات.

فیستیڤاڵی هەورامان لەساڵی ٢٠٠٨وە ئەنجام دەدرێت، یەكەم فیستیڤاڵ لە(ئەحمەد ئاوا) بەڕێوەچوو، پاشانیش ساڵانی دواتر لە(زەردە) كە ناوچەیەكی هەورامانە ئەنجامدراو ئەمساڵیش لەناوچەی (بیارە)، فیستیڤاڵی ئەمجارەی هەورامان بەوپەڕی وێنای كوردەواری و فۆلكلۆریەوە بەڕێوەچوو كە چەندین بابەتی هونەری و فۆلكلۆری لەخۆ گرتبوو كە هەموو ماناكی كۆن و كوردەواریان لێدەچۆڕاوە، فیستیڤاڵی هەورامان لەچەندین بەشی جیا پێك هاتبوو وەك: دروست كردنی كڵاش بەرووبومی خۆماڵی و كتێبخانەی كوردی و چەندین بەش و یاری فۆلكلۆری و كلتوری كە مۆركی ڕەسەنایەتی ئەو ناوچەیان پێوە دیار بوو، هەر ناوچەیەك بەجیا بەرهەم و چالاكیەكانی خۆی نیشان دەدا، لەگەڵ ئەنجامدانی چەندین نمایشی كوردەواری وەك: شایی كوردی، جلوبەرگی كوردی بەچەندین جۆر و شێواز پۆشرابوو، سەرتاپای كەرەستە و كەلوپەلەكان سەرچاوەكەی كوردی بوو، كاتێك ئامادەی ئەو فیستیڤاڵە بوایە هەستت بەكوردایەتیەكی گەورە دەكرد و بەلاتەوە ئەو فیستیڤاڵە بەردەوام بوایە بەبێ وەستان.

**رەوەند بەختیار**

# شاری ماردین و ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی!

كوردستان ئەگەر هەر چوار پارچەی یەك بگرێتەوە دەبێتە یەكێك لەخۆشترین وڵاتانی جیهان، چونكە لەهەر لایەنێكی پڕە دیمەنی جوان و شارستانیەتێكی كۆن و خاوەن مێژوویەكی دێرین، ئەمەش بەهەر چوار پارچەكەیەوە، كوردستانی باشوور و باكوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، یەكێك لەو شارە كۆن و جوانانەی لەكوردستانی باكوور هەیە، كە شارێكی خنجیلانەیە و دەكەوێتە بناری شاخێكی بەرز و جوانەوە، ئەویش شاری (ماردین)ە. شاری ماردین دەكەوێتە كوردستانی باكوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی توركیا، ڕێژەی دانیشتووانی دەگاتە (٦٥) هەزار كەس، ئەو شارە جوانە دەكەوێتە بناری چیای ماردین كە ئەو چیایە گرنگییەكی مێژوویی و كۆنی هەبووە لەداستان و شۆڕشەكانی كورد، شاری ماردین (٣) دەرگای سەرەكی هەیە كە پێیدەگوترێ: دەرگای (ئاسنین و مەشكییە و وێنە)، لەماردین دوو مزگەوتی گەورە هەیە بەناوەكانی (مزگەوتی گەورە و مزگەوتی شەهید)، هەروەها چەند كڵێسەیەكی لێیە لەوانە: كلێسای مار شمونە و عەزرا و زەعفران، یەكێك لەجوانترین نەریتەكانی ئەو شارە، شێوازی هاوسەرگیریە، كە ئەویش بەم شێوەیە ئەنجامی دەدەن: دوای ئەوەی كوڕ و كچێك یەكتریان بەدڵ دەبێ، پاشان هەردوو ماڵی كوڕ و كچە، یەكتر دەبینن و ئەمەش لەداوەتێكی ماڵی كچە بۆ ماڵی كوڕەكە و لەویشەوە دوای ڕەزامەندی ئافرەتان دەست بەلێدنانی (هەلهەلە) دەكەن، لەو كاتەش كوڕەكە یان زاوا دەچێتە لای بووك و تارایەكی سەر بووكە دەهێنێتە خوارەوە ئەمەش بەمانای شكاندنی شەرم و دواتر ڕۆژی (شەكراو) خواردنەوە دیاری دەكرێ، لەڕۆژی شەكراو خانمی بووك دادەنیشێ و تاوەكو زاوا دێ و ئیتر بووكە دەچێتە لای زاوا دادەنیشێ و ئینجا شیرینی و شەربەت دابەش دەكرێ و پاشان لەڕۆژی ئاهەنگ دەڕۆنە دەرەوەی شاری ماردین و پاشان خۆشوشتنی بووك و زاوا دێ، كە ئەوەش زاوا بەجیا لەگەڵ چەند گەنجێك دەچێتە شوێنێك بەناوی (زنار) لەوێوە خۆی دەشوا لەئاوی ئەو شوێنە و هەمان شتیش بۆ بووكە خان كە ئەویش ئەو خۆشووشتنە دەكات ئەمەش دەبێ لەسەر پشتی ئەسپەوە بێ، دواتر لەلایەن كەسێكی بووكەكەوە، بووكە پێشكەش بەزاوا دەكرێ هەر لەڕێگادا، پاشان دێنەوە ماڵەوەو لەوێشەوە كەسێك بەدەست بەخەنجەرەوە دێتە پێش ئامادەبووان و خەنجەر لەزەوی دەدا و هەر یەكە دیاری خۆی پێشكەش دەكات ئەمەش بە(شاباش) ناسراوە، پاشان دەبێ زاوا بەپێ بڕوات و بووكەش لەسەر ئەسپ بێ و ئیتر دەڕۆنە ماڵی زاوا و ژیانێكی خۆش بەسەر دەبەن.







## میلیسا: چاوی پیاوان پیسەو کراسەکەمیان دڕاند!

دوای ئەوەی خانمە جوان و قەشەنگی لوبنانی (میلیسا) بەشداری لەبۆنەیەکی تایبەت بەگۆرانیبێژی لوبنانی (رامی عەیاش) دەکات کە لەیانەی (بۆبیرتۆ ڤالی) لەشاری دوبەی ئیمارات ئەنجام درا، ئەو خانمە دوای ئەوەی دەچێتە سەر شانۆی ئاهەنگەکە بەمەبەستی گۆرانی گوتن، کەچی حاڵەتێکی سەیر ڕوویدا، ئەویش بەکەوتنی یەکێك لەدووگمەکانی سەر سینگی جلەکەی میلیسا بوو، کە بەو شێوەیە دروست کرابوو، ئەگەر هەر دوگمەیەکی بکەوێت تەواوی سینگ و سکی بەدەردەکەوێ، بۆیە حاڵەتەکەی بەسەر هات و زۆربەی دانیشتوانی ئەو ئاهەنگە سینگی (میلیسا)یان بینی و بووە جێگەی سەرسامی زۆربەی ئامادەبوون، ئەوەی سەیرە، میلیسا دوای ئەوەی دەڕوا و جلەکەی دەگۆڕی و دەگەڕێتەوە ئاهەنگەکە دەڵێ: کراسەکەم زۆر بەجوانی دیزاینی بۆ کرابوو و بەجوانیش دروست کرابوو، بەڵام ئەوەی من بیزانم کاتێك هاتمە سەر شانۆ ئەو هەموو چاوەی پیاوان سەیریان کردم و ئاواتیان ئەوە بوو جلم لەبەر نەبێ، بۆیە بەچاوە پیسەکانیانەوە جلەکەی منیان دڕاند و تووشی ئەو حاڵەتە بووم!







## پەرلەمان و شەونخونی!


شوێنە پیرۆز و گشتییەکان لەگشت وڵاتانی جیهان دەبێ جێگەی ڕێزگرتن و پابەندبوون بێ، بەڵام جار هەیە دەبێتە ئوتێل و گرنگی خۆی لەدەست دەدا، یان لەلایەن چەند کەسێکەوە دەبێتە شوێنێ بۆ نووستن، ئینجا چ شوێنی دامو دەزگای فەرمی بێ، یان مزگەوت و پەرلەمان و چەندین شوێنی دیکە، یەکێك لەوانە پەرلەمانە کە دەزگایەکی بەرزە و تیایدا بڕیارە چارەنووسسازەکان دەردەکرێ و یان کاری لەسەر دەکرێ، کەچی لەم چەند حاڵەتانەدا پەرلەمان بۆتە شوێنی خەوتن و حەسانەوە، وەك ئەو ئافرەتە کە ئەندام پەرلەمانی وڵاتی جەزائیرە کەچی بەشێوەیەك دانیشتووە یان وەك ئەوەی لەماڵەوە یان لەگەشت و سەیران بێ، هەروەها چەند حاڵەتێکی دیکەش کە چەندین ئەندام پەرلەمان خەوتوون و ئاگاداری باس و خواسی نێو هۆڵی پەرلەمان نین، یان هەندێك لەئەندام پەرلەمانەکان خەریکی وێنەکردن و یاری کردنن لەسەر کۆمپیوتەر، ئەمەش لە هەموو پەرلەمانەکان دوپات دەبنەوە.



## قژی کچێک ئەوەندەی باڵای خۆیەتی!



هەندێك لەخانمان و کچان حەز بەدرێژبوونی قژیان دەکەن، کەچی لەلایەکی دیکەوە هەن حەزی پێناکەن و ئەمەش لەترسی شۆرین و خزمەتکردنی قژیانەوە، چونکە کاتێك قژ درێژ بێ، ئیتر خزمەتکردن و ماندووبوونی دەوێ لەکاتی شووشتن و یان داهێنان و بەستنی، کەچی وادیارە ئەو خانمە گوێ بەو ماندووبوونە نادات، کە خۆی تەمەنی (١٩)ساڵەو تەنیا جارێك قژی بڕیوە، چونکە حەز بەدرێژبوونی قژ دەکات و کە ئێستا قژی ئەوەندەی خۆیەتی. ئەو کچە ناوی (سانیا)یە و لەوڵاتی ئەرژەنتین دەژی، کە درێژی باڵای (١٧٠) سەنتیمەتر دەبێ و کەچی درێژی قژی بڕێك لەباڵای کەمترە کە ئەویش (١٦٠) سەنتیمەتر دەبێ، وادیارە ئەو خانمە دەیەوێ ببێتە خاوەن درێژترین قژ لەجیهان ئەمەش دوای چەند ساڵێکی دیکە بەو ئاواتەی دەگات.



## نوکتە

- منداڵێك خێرا دێتەوە و ماڵەوە و زۆر مشەوەش دەبێ، باوکی دەڵێ کوڕم چیتە ئەویش دەڵێ لە مەکتەب مامۆستا دوام کەوتووە و کە دەرسم نەخوێندووە، باوکیششی دەڵێ کوڕم خۆت بشارەوە تا مامۆستا نەتبینێ، ئەویش دەڵێ باوکە تۆ خۆت بشارەوە، چونکە لای مامۆستا گوتمومە باوکم مردووە بۆیە دەرسم نەخوێندووە!
- لە کابرایەک ئەپرسن :ئاو سودی چییە؟، لە وەڵامدا ئەڵێت ئاو دوو سوودی هەیە: ئەگەر ئاو نەبێت ناتوانین مەلە بکەین،ئەگەر نەشتوانین مەلە بکەین ئەوە دەخنکێین.


## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبـدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخـەی بۆ ئەوەی ناوی گۆڤارێکی کوردیت بۆ دەربچێ

م ر ا ن ا

وەڵامی ژمارەی پێشوو ( دۆغەوا)

## دیـوانە شـیعر




- کوردی شاعیر دەڵێ:

لەکونجی بێکەسیدا فەردم ئەمڕۆ
زەلیل و زار و بێ هاودەردەم ئەمڕۆ
گەواهی لافی عیشقی تۆیە قوربان
سروشکی سوور و ڕەنگی زەردم ئەمڕۆ
لەسۆزی عیشقی سەردی میهری تۆیە
دەروون گەرم و هەناسە سەردم ئەمڕۆ
وەکو تەیرێکی گوم بوویێ جەناحی
هێلانەواز و هەرداوهەردم ئەمڕۆ
مەگەر سۆزەی نەسیمی وەسڵی ئەو بێ
موعەتتەر کا دڵەی پڕ دەردەم ئەمڕۆ
لەعەرسەی وەسفی ئەو مەحبووبە لەنگە
خەیاڵی وەک سوارەی جەردم ئەمڕۆ
لەبۆ وەسفی جەمالی یاری (کوردی)
ئەگەر ڕۆحم نەدەم نامەردم ئەمڕۆ
س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك

## پەندی ناوداران

- سوکرات دەڵێ: سێ شت لەژیانم دا زۆر ماندوویان کردووم: ڕێزمان، هەژاری، ئافرەت!



ریزمـان بـەزۆر خوێنـدنـەوەم زاڵ بووم بەسەریدا
هەژاریش پەلەم نەکرد تاکو بەسەریدا زاڵ بووم
بـەڵام ئافرەت، تا ئەمڕۆ هیچ چارەیەکم بۆ نەکرا..

## وێنەی سەیر



- هەوڵبدە لەم وێنەیەدا شتێکی سـەیر هەیە، زیاتـر سـەرنج بدەنە کچەکـە و بزانـە چ شـتێکی نا ئاسـایی هەیە!

## بۆ زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (پیرمام) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بەمانای (ناوێکی دیکە بۆ کەسێکی سەرخۆش)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی کەسێکی هێمن)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆبکەیتەوە بەمانای (سەوزەیەکە، بۆنی ناخۆشە و لەگەڵ خواردن دەخوردرێ)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+١)کۆ بکەیتەوە بەمانای (کاتێك کەش و هەوا خۆش نابێ و چاوت نابینێ)